Research Center

راپرسی

# روانگەی گەنجان

## لە هەرێمی کوردستان - 2023

حوزەیرانی 2023

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

مركز دراسات رووداو

Rudaw Research Center

Research Center

راپرسی

# روانگەی گەنجان
# لە هەرێمی کوردستان - 2023

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

حوزەیرانی 2023

Research Center

**ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداو(RRC)** وەك بەشـێك لـە تـۆڕی میدیایـی ڕووداو لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە سـاڵی 2016 دامـەزراوە. تێگەیشـتن و وردبوونـەوەی زیاتـر لـە ڕووداوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـە ئامانجەکانـی ناوەندەکەیـە. بەشـێوەیەکی تایبەتیش کار لەسەر پرسی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ڕووداوە سیاسـی، ئەمنی و ئابوورییـەکان دەکات. بـۆ ئـەوەش پاڵپشـتی لـە شـرۆڤە و هەڵسـەنگاندن و لێکۆڵینـەوە لـەو بوارانـە دەکات و، تۆڕێکـی فراوانـی لێکۆڵینڤانانـی لـە نێوخـۆی کوردسـتان، عێـراق و وڵاتانـی دراوسـێ بـەدەوری خۆیـدا چنیـوە. بەمـەش، زەمینـەی گفتوگۆیەکـی بەرهەمـدار و هەلـی دەرکەوتنـی دیـدگا و ڕەنگـە جیـاوازەکان دەڕەخسـێنێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بـە ئەجێندایەکـی کارای لێکۆڵینـەوە، ڕاوێژکـردن و ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا لەگـەڵ نوخبـەی سیاسـی، ئەکادیمـی، شـارەزا لـە بـوارە جیـاوازەکان، تەقـەلای پێشخسـتن و پەرەپێدانـی بیرۆکـەی درووسـت بـۆ قوسـتنەوەی دەرفەتـەکان و تێپەڕاندنـی مەترسـییەکان دەدات و دەیەوێـت، لەڕێـی هەڵسـەنگاندنی بابەتیانـەی ڕووداوەکان و پێشکێشـکردنی پێشـنیازی کردەنـی، بەرچاوڕوونییـەك بداتـە دەسـتەبژێری میدیایـی و بڕیارسـازانی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان.

هەروەهـا، لەڕێـی فراوانکردنـی تـۆڕی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ سیاسـی و ئەکادیمـی و ڕۆژنامەڤـان و چالاکڤانانـی کۆمەڵگـەی مەدەنیـی وڵاتانـی دیکەشـەوە، دەرفەتـی گەشـەپێدانی پەیوەنـدی، ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا و گەیاندنـی دیدگایەکی کوردسـتانی سـەبارەت بـە ڕووداوەکانـی ناوچەکـە بـۆ دنیـای دەرەوەش دەڕەخسـێنێ.

© ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو 2023

**تیمی لێکۆڵینەوە**

زریان ڕۆژهەڵاتی

مەحموود بابان

ڕەقیب بەهائەدین محەممەد

**تیمی کۆکردنەوەی داتاکان**

دەریا ڕەفیق

ئەڤرس ڕەشید

بەروار عەبدوڵڵا

هەژین فەتاح

ڤین سیامەند

پەیوەند شەماڵ

دنیا تاڵب

ئەژین ڕزگار

**دیزاین**

ئالان پەیوەند

Research Center

# نێوەڕۆك


نێوەڕۆك 7
پووختە 8
چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم راپرسییە 11
پێشەکی 12
1. پرۆفایلی دیموگرافی گەنجان لە هەرێمی کوردستان 16
2. فاکتەرە ئابوورییەکان 22
1.2. دۆخی پیشە، تەگەرە و دەرفەتەکان 22
2.2 داهات، گوزەران و باری دارایی گەنجان 31
3. روانگەی گەنجان بۆ بەشداریی سیاسی 37
1.3 تێڕوانینی گەنجان بۆ رێکخراوەکان و پارتە سیاسییەکان 37
2.3 بەشداریکردن لە هەڵبژاردن 39
4.بەها و پرسە کۆمەڵایەتییەکان 44
5. بەکارهێنانی میدیا 54
6. میتۆدۆلۆژی 57
پاشکۆ 60
پرسیار و خشتەی وەڵامەکان 60
سەرچاوەکان 114

# پووختە

ئەم راپۆرتە شیکردنەوە و ئەنجامەکانی راپرسییەك سەبارەت بە روانگەی گەنجانی 15-29 ساڵ لەبارەی پرسە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی 2023 لە خۆ دەگرێت. گەنجانی تەمەن 15-29 ساڵ بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەن و بەرێژەی 28%ی کۆی گشتی دانیشتوانەوە، دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر ئاراستەی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرە دابنێن. ئامانجی سەرەکی ئەم راپرسییەش تێگەیشتنە لە چۆنییەتی بیرکردنەوە و روانگەی گەنجان سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە کە دەتوانێت پڕبایەخ بێت.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە، گەنجان زیاتر روویان لە کەرتی تایبەتە بۆ کارکردن بەڵام گۆشەیەکی بیرکردنەوەیان لەلای دامەزراندنە لە کەرتی حکومی و، ئەوەش بە پێی ئەنجامەکان، لەبەر کەمیی مووچە، نایەکسانی دەرفەتەکان و نەبوونی دڵنیاییە. هەروەها هۆکارێکی دیکەش بەربڵاوی ناشارەزایی دەستی کارە. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە جیاوازییێکی رەگەزی زۆر لە نێو ئەوانەی کاردەکەن هەیە و، ئامادەیی رەگەزی مێ لە بازاڕی کاردا سنووردارە.

لەلایەکی دیکەوە، دیمەنی گەشەکردنی روانگەیەکی موحافزەکاری لە نێو گەنجانی 15-29ساڵ خەریکە دەردەکەوێت و، ئەمە هەم لە روانگەی کۆمەڵایەتی و هەم لە روانگەی سیاسیشدا رەنگی داوەتەوە. رێژەی بڕواکردنی گەنجان بە ئازادییە تاکەکەسییەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و لە هەرێمی کوردستاندا 83.9% بووە. بەڵام سەرنجڕاکیشە کە رێك بە پێچەوانەوە، 85.5%یان گوتوویانە نابێ کچان یان ئافرەتان بە تەنیا گەشت بکەن و بە شێوەی سەرەکی هۆکاری ئەوەشیان بە پێی ریزبەندی، بۆ ئایین، کولتووری کۆمەڵگە و قسەی خەڵکی گەڕاندۆتەوە. هەروەها خواستی گەنجان بۆ بەشداریی سیاسی زیادیکردووە، هەرچەند کە 67%ی بەشداربووان، دەنگی خۆیان بە ئاشکرا باسکردووە بەڵام 33%یان نەیانویستووە بڵێن کە دەنگ بە چ لایەنێك دەدەن و ئەوەش چەندەی رەنگدانەوەی دۆخێکی سیاسی بێت، ئەوەندەش رەنگدانەوەی گەشەکردنی بیرکردنەوەیەکی موحافزەکارانەیە.

ئەم راپرسییە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ژمارەی گەنجی تەمەن (15-29) ساڵ لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لەمانگی حوزەیرانی 2023دا ئەنجامدراوە. ئامانجەکەش زانینی روانگەی گەنجان بۆ پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بوو. بۆ ئەو مەبەستەش، وەڵامی 1122 نموونە وەرگیراوە کە بەشێوازێکی هەڕەمەکیی لە کۆڵان بە کۆڵانی شوێنەکان، بەشێوەی راستەوخۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە.

Research Center

# دۆزراوە سەرەکییەکان

1

لەنیو گەنجان ئەوانەی کار ناکەن لە هەرێمی کوردستان 13.6%بووە، جیاوازییەکی گەورەش لەنیو پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکاندا هەیە.
گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن زیاتر روو لە کەرتی تایبەت دەکەن، بەجۆرێك 71.3%ی ئەوانەی گوتوویانە کاردەکەن، لە کەرتی تایبەتن و 28.7%یان لە کەرتی حکومی دامەزراون.
هەر گەنجێکی هەرێمی کوردستان بە تێکڕا، مانگانە236 هەزار دینار خەرج دەکات کە 52%یان لە خێزانەوە وەریدەگرن.
دوو گەورەترین گرفتی بەردەم گەنجان بۆ دۆزینەوەی کار لە هەرێمی کوردستان: نەبوونی دەرفەتی کار و کەمی مووچەی کارکردنە.

2

بەشداری گەنجان لە چالاکی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان زیادیکردووە.
لەڕووی بەکارهێنانی مافی دەنگدانەوە، رێژەی ٪72.7 گەنجانی بەشداربوو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەوا بەشداری دەکەن. لەکاتێکدا ٪27.3 گوتوویانە بەشداری ناکەین.
لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، 33%ی گەنجان گوتوویانە نایانەوێ دەنگەکانیان ئاشکرابن بەڵام لەو67%ی کە دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا کردووە، رێژەی ٪49.4 پارتی، 6.8% یەکێتی و 5.1%یش نەوەی نوێی هەڵبژاردووە.
لەبارەی رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا، بەگشتی رێژەی ٪36.8 ی گەنجان رەشبینن، بەڵام رێژەی ٪46.9 رایان وابووە کەوا باشتر دەبێت.

3

گەنج لە هەرێمی کوردستاندا لەڕووی دارایی، لەڕووی کۆمەڵایەتیی و تەنانەت لەڕووی ئاسایشەوە زیاتر پابەندی بنەماڵە و خێزانە. 90.1%ی گەنجان نایانەوێ لە خێزان دوور بکەونەوە. 52% یان پارە لە خێزان وەردەگرن. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان رێژەی ٪67.3 دایکانی بەشداربووان نەخوێندەوارن. رێژەی ٪45.8ی باوکانی بەشداربووانیش نەخوێندەوارن.
رێژەی بڕواکردنی گەنجان بە ئازادییە تاکەکەسییەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و لە هەرێمی کوردستاندا 83.9% بووە. بەڵام سەرنجڕاکیشە کە رێك بە پێچەوانەوە، 85.5%یان گوتوویانە نابێ کچان یان ئافرەتان بە تەنیا گەشت

بکەن.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 66% گەنجان ئەگەر کێشەیەکیان بۆ بێتە پێش ئەوا پەنا بۆ خێڵ، خزم و کەسوکار و هاوڕێیانیان دەبەن، لەهەمان کاتدا تەنیا ڕێژەی 32.3% گوتوویانە پەنا بۆ دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت دەبەین.

4

لەنێو گەنجان بەڕێژەی 65.7% لە سنەپچات، 62.1% لە فەیسبووک و 52.7% ئینستاگرام بەکاردەهێنن و چالاکن. ئەمەش لە کاتێکدا کە ساڵی ڕابردوو فەیسبووک بە پلەی یەکەم لە نیو گەنجان برەوی هەبوو.

Research Center

# چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم راپرسییە

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو ئەم راپرسییەی بۆ تیشک خستنەسەر روانگەی گەنجان(15-29) لە هەرێمی کوردستان لەسەر رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەنجامداوە کە رێژەی 28%ی ژمارەی دانیشتوان پێکدەهێنێت. بەپێی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، تەمەنی 15-29ساڵ، تەمەنی گەنج و هێزی کار نیشاندەدات. لەم راپرسییەدا کە بەشێوەی مەیدانی، لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە گوند و شارەوە، لە هەر چوار پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، لە حوزەیرانی 2023 ئەنجامدراوە، 1122 نموونە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراوە و لەسەر بنەمایەکی ئارەزوومەندانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. دۆزراوە سەرەکییەکان و کۆی ئەنجامەکانی نێو ئەم راپۆرتەش، لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداوەوە شرۆڤەکراون و خراونەتەڕوو.

# پێشەکی

دەشێ لەڕێی لێکۆڵینەوە لە گەنجانەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە داهاتووی کۆمەڵگە چۆن دەبێت. گەنجانی تەمەن 15-29 ساڵ ڕێژەی 28%ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانن و ئەمەش 1ملیۆن و 727 هەزار و 903کەس دەکات. ئەمە بێجگە لەوەی کە 35%ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە خوار تەمەنی 15 ساڵییەوەن کە 2ملیۆن و 159هەزار و879کەس دەکات. ئەم دیمەنەش دەریدەخات کە داینامیکی دانیشتوانی گەنج لێرە، بە لانیکەمەوە بۆ نزیکەی دوو دەیەی داهاتووش بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەمەش لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بە واتای هێزی کاری نوێ و نەفەسی نوێ دێت، هەڵبەت ئەگەر سیاسەتە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکان بە لەونێك بن کە ئەوان لە داهاتوودا دەرفەتی گەشەکردنیان هەبێت. ئەگەر پێچەوانەکەیشی ڕوویدا، ئەوا زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی گەنج کە بە شێوەی سرووشتی داوای دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان، هەلیکار و بەشداری سیاسی دەکات، دەتوانێت دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بگۆڕێت. ئالێرەوەیە کە بایەخی تێگەیشتن لە ڕوانگەی گەنجان سەبارەت بە پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان زۆرگرنگە. ئەمە دەتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە سرووشتی ئەو گۆڕانکارییەش پێویستە سەرەتا لە گەنجان تێبگەین.

بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو؛ ڕوانگەی گەنج لە هەرێمی کوردستان ـ 2023، کە لە حوزەیرانی ئەمساڵدا کراوە، گەنجان لەڕووی دارایی، کۆمەڵایەتیی و تەنانەت لەڕووی ئاسایشەوە زیاتر گرێدراوی بنەماڵە و خێزانن. 90.1%ی گەنجان نایانەوێ لە خێزان دوور بکەونەوە. 52%یان پارە لە خێزان وەردەگرن و لەڕووی ئابوورییەوە گرێدراوی خێزانن. 66%یشیان گوتوویەتی ئەگەر کێشەیەکیان بۆ دەرکەوێت پەنا بۆ خێڵ، خزم و کەسوکار دەبەن، ئەویش لەکاتێکدا کە تەنیا 33% گوتوویانە پەنا بۆ دامەزراوەی فەرمیی حکومەت دەبەن. لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان ڕۆیشتن بۆ بازاڕ، خەوتن و دواتریش سەردانی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان لە ڕیزی زۆرترین ئەو کارانەن کە گەنجێك لە ماوەی هەفتەیەکدا لە هەرێمی کوردستان دەیانکات. 79.9%ی گەنجانیش گوتوویانە هەرکاتێ دەستمان بە تاڵ دەبێت، بە مۆبایلەوە خەریکی سۆشیالمیدیا دەبین.

ئالێرەوە دەردەکەوێت کە خێزان فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر شکڵپێدانی دیدگا و ڕوانگەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان. بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە بەشێکی زۆری دایکان و باوکانی گەنجانیش ئاستێکی بەرزی خوێندەوارییان نییە. بەپێی ڕاپرسییەکە، ڕێژەی 67.3٪ دایکانی بەشداربووان نەخوێندەوارن. ڕێژەی 45.8٪ی باوکانی بەشداربووانیش

Research Center

نەخوێنـدەوارن، ٪39.8یشـیان هەڵگـری بڕوانامـەی کەمتـر لـە ئامادەییـن و تەنیـا ٪4.7یـان بڕوانامەی ئامادەییان هەیە. بۆیە ئەو دیدگایەی کە گەنج لەوێوە وەریبگرێت، هەر ئەوانەیە کـە بەشـێوەی نەریتـی گەشـەیان کـردووە. ڕێـژەی ئـەو گەنجانـەی کـە گوتوویانـە بڕوایـان بـە ئازادییـە تاکەکەسـییەکان هەیـە لـە ئاسـتێکی زۆر بەرزدایـە، بـە جۆرێـك کـە 83.9% بـووە، بـەڵام، 85.5%یان گوتوویانە نابێ کچان یان ئافرەتـان بە تەنیا گەشـت بکـەن و بەشـێوەی سـەرەکی هـۆکاری ئەوەشـیان بـە پێـی ڕیزبەنـدی، بـۆ ئاییـن، کولتـووری کۆمەڵگـە و قسـەی خەڵکـی گەڕاندۆتـەوە و ڕێژەیەکـی کەمیش بە پاساوی نەبوونی ئاسایش و ئاسانکارییەکانی گواسـتنەوەی گشـتی دژی ئـەوە دەرکەوتـوون. بۆیـە لێـرەدا بـە گشـتی دوو تایبەتمەنـدی جیاوازی بەدیدەکرێـت، لەلایـەك بـڕوای بـە ئـازادی تاکەکەسـی هەیـە بـەڵام لەلاکـەی دیکـە ڕەتیدەکاتـەوە.

زیاتر لە 72%ی گەنجان دەیانەوێ بەشداری لە هەڵبـژاردن بکەن ئەگـەر مافی دەنگدانیان هەبێـت، ئـەم ڕێژەیـەش لەسـەرووی ڕێـژەی گشـتی بەشـداریکردنی خەڵکـە لـە دواییـن هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان کـە 59% بـووە. هەروەهـا نزیکـەی 30%یـش زیاتـرە لـە ڕێـژەی بەشـداریکردنی گشـتی خەڵـك لـە هەڵبژاردنەکـەی سـاڵی 2021ی پەرلەمانـی عێـراق. کەمیـی ڕێـژەی گشـتی بەشـداریکردنی خەڵـك لـە هەڵبژاردنـەکان، هەروەهـا بەرزبوونـی ژمـارەی گەنجـان لـە هەرێمـی کوردسـتان، وادەکـەن کـە ڕۆڵـی ئـەوان لـە هەڵبژاردنەکانی داهاتـووی هەرێمـی کوردسـتاندا یەکلاکـەرەوە بێـت.

بەپێـی ئەنجامەکانـی ڕاپرسـییەکە، لـە کـۆی ئـەو 1ملیـۆن و 727 هـەزار و 903 گەنجـەوە کـە هـەن، 416 هەزاریـان بـە تەمـای دەنگـدان نیـن کـە دەوری 27%دەکات. 1ملیـۆن و 261 و 369 کەسـیش گوتوویانـە دەنـگ دەدەن ئەگـەر مافیـان هەبێـت کـە ئەویـش 73% دەکات.

ڕێـژەی 33%ی ئـەو 73%ی کـە حـەزی لـە دەنگدانـە، نەویسـتووە دەنگەکـەی ئاشـکرا بـکات. واتـا بـە ژمارەیەکـی گشـتی، زیاتـر لـە 416251 کـەس دەکات. ئەوانـەی کـە گوتوویانـە دەنـگ نـادەن، هۆکارەکانـی وەك بـێ متمانەیـی بـە پارتـە سیاسـییەکان، نەبوونـی کەشـی ئـازادی هەڵبـژاردن و نەبوونـی بەربژێـری گونجاویـان وەك پاسـاو باسـکردووە. بێگومـان ئەگـەری گۆڕانـی ئەمانـەش تاوەکـو دواسـاتەکانی هەڵبـژاردن لـە ئارادایـە. بۆیـە ئـەو ڕێژەیـەی کـە دەڵـێ دەنـگ نـادەم و ئەوانـەش کـە دەنگـی خۆیان ئاشـکرا ناکـەن، پێکـەوە دەتوانن فاکتـەری سـوپرایز بـن لـە هەڵبژاردنـی داهاتـوو.

بەپێـی ئەنجامـەکان، زۆربـەی گەنجـان ڕوویان لـە کەرتـی تایبـەت کـردووە بـۆ دۆزینـەوەی کار کـە وەکـوو گرفتێکـی سـەرەکی تەماشـای دەکـەن. هەڵبـەت کەرتـی تایبەتیـش نەیتوانیـوە بەتـەواوی جێـی هیـوا بێـت بـۆ گەنجـان و، پێدەچێـت نەبوونـی دڵنیایـی تـەواو سـەبارەت بـە داهاتـوو، هەروەهـا نایەکسـانی لـە دەرفەتەکانـی کەرتـی تایبـەت و کەمیـی مووچـە لـەو هۆکارانـە بـن کـە وایانکـردووە، هێشـتا گۆشـەیەکی بیرکردنەوەیـان لەسـەر دامەزراندنیـان

لە کەرتی حکومی بێت. ئەمەش ئەو شوێنەیە کە دەشێ حکومەت سەرنجی زیاتری بخاتەسەر. پێویستە پرسیارەکە ئەوە بێت کە چۆن دەکرێ کەرتی تایبەت بە جۆرێك گەشە پێبدرێت و رێکبخرێتەوە کە دڵنیایی بداتە گەنجان؟

ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان هەردوو رەگەزدا سەبارەت بە کارکردن هەیە، بابەتێکی ئێکجار گرنگە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە، 43.9%ی گەنجان کاردەکەن. هەڵبەت جیاوازییەکی رەگەزیی زۆر لە نێو ئەوانەدا هەیە. بە جۆرێك کە 61.5%یان نێرن و تەنیا 16.1%یان لە رەگەزی مێن و بەوەش ئامادەیی ژنان و کچان لە نێو هێزی کاردا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. ئەوان زیاتر بەکاری بێ بەرامبەر(Unpaid work)ەوە سەرقاڵن کە ئەمەش بۆ سیاسەتەکانی گەشەپێدان تەگەرە دروستدەکات.

بە گشتی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو کە بەهەوڵ تەقەلای تیمێکی 11 کەسی بەرهەمهێنراوە، زۆر خاڵی وردی تێدایە کە دەشێ ببنە بنەمایەکی گرنگ بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش بە جۆرێك کە گەنجان، روانگە و خواستەکانیان لە پێشچاو بگرێت و دەرفەتی گەشەکردنێکی فراوان بڕەخسێنێت.

زریان رۆژهەڵاتی
بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

Research Center

# 1 پرۆفایلی دیمۆگرافی گەنجان لە هەرێمی کوردستان

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ مەزەندەی ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان 6 ملیۆن و 171 هەزار و 83 کەس، کە لەم ژمارەیەش گرووپی تەمەن 15-29 ساڵ ڕێژەی سەروو 28% پێکدەهێنێت.
لەم ڕاپرسییەدا کە لە نێوان گەنجانی تەمەن 15-29 ساڵ، لە هەردوو ڕەگەزدا کراوە، دوو گرووپی تەمەنیی 15-24 ساڵ و 25-29 ساڵ هەن کە ڕێژەیەکەیان٪59.2 بە ٪40.8 بووە. ڕێژەی هاوبەشی تەمەنی بەشداربووانیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 22،5 ساڵ بووە.
ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی گەنجان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەپێی ڕیزبەندی، 61.1% بە 38.9% بووە. بەرزترین ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی مێ لەم ڕاپرسییەدا لە سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە و ڕاپەڕین بووە. نزمترینیش لە زاخۆ و هەولێر بووە.
ڕێژەی ٪62ی بەشداربووان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان سەڵت بوون و، ئەوانەی هاوسەردارن ٪37.3ی بەشداربووانیان پێکهێناوە و ئەوانەش کە جیابوونەتەوە ٪0.5 بوون. هەروەها، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هاوسەردارن لە ڕاپرسییەکەدا لە زاخۆ و گەرمیان بەڕێژەی 44% بوون، بەڵام نزمترین ڕێژەی ئەوانەی هاوسەردار بوون لە پارێزگای هەڵەبجە بووە بەڕێژەی 29.6%.
ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو گەنجانی بەشداربووی ئەم ڕاپرسییە 4.6% بووە و بەشێوەی گشتی ئاستی خوێندەواری بەشداربووان کراوە بەسێ گرووپەوە ئەوانیش، خوار ئامادەیی، ئامادەیی و سەروو ئامادەیین. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 54.9%ی بەشداربووان لە خوار ئامادەیی، ڕێژەی ٪20.6 هەڵگری بڕوانامەی سەروو ئامادەیی و ڕێژەی ٪19.9یش هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بوون. بەرزترین ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی سەرووی ئامادەیی لە هەولێر، هەڵەبجە و گەرمیان بووە. کەمترینەکانیش بە پێی ڕیزبەندی لە زاخۆ، دهۆك و سلێمانی بووە.
لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە گەرمیانە کە 14.8% بووە، بەدوایدا ڕاپەڕین دێت کە 12.1% بووە، هەروەها بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین لە سۆران بەڕێژەی 31.7% بووە و بەدوایشیدا پارێزگای هەولێر دێت بەرێژەی 30.1%.
لەڕووی ڕەگەزەوە، هەڵگرانی بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەیی لە نێو ڕەگەزی نێر بەڕێژەی 58.7% بووە بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ کە 48.9% بووە، بەڵام لە هەڵگرانی بڕوانامەی

ئامادەییدا رەگەزی مێ رێژەکەی زیاترە. لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، بەهەڵکشانی تەمەن ڕێژەی ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەیین کەمدەبێتەوە، گرووپی تەمەن (15-24)ساڵ بەڕێژەی 63.6% هەڵگری بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەییان تێدایە، بەڵام گرووپی تەمەن (25-29)ساڵ بەڕێژەی 42.4% هەڵگری بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەیی تێدایە.

بەو پێیەی کە خانەوادە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕوانگە و چۆنییەتی ژیانی گەنجان هەبێت، لەم ڕاپرسییەدا ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانی بەشداربووانیش وەرگیراوە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 67.3٪ دایکانی بەشداربووان نەخوێندەوارن و 27.5٪یان ئاستی خوێندەوارییان لە ئامادەیی کەمترە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بەرزترین ڕێژەی ئەو دایکانەی کە خوێندەوارییان نییە لە پارێزگای دهۆکە بەڕێژەی 80.3٪. بەهەمان شێوەش لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکانیش لە گەرمیان بەڕێژەی 88.9٪ بووە. ئاستی خوێندەواری باوکی بەشداربووان تارادەیەك جیاوازە. بەشێوەیەک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی 45.8٪ نەخوێندەوارن، بەڕێژەی 39.8٪یان هەڵگری بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەیین و بەڕێژەی 4.7٪یش هەڵگری بڕوانامەی ئامادەییان تێدایە. بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواریی باوکان لە زاخۆ، دهۆك، دواتریش ڕاپەڕین و گەرمیان تۆمار کراوە، بەڵام نزمترین ڕێژەی نەخوێندەواری باوکان لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەرێژەی 28.3% و پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی 33.3% بووە.


گەنج لە هەرێمی کوردستان
29-15
ژمارەی گەنجان
1,727,903.24
6,171,083
کۆی گشتی دانیشتوان
28%
ڕێژەی گەنجانی 15-29 ساڵ
لە هەرێمی کوردستان
ڕێژەی گرووپەکانی تەمەن
0-15
15-29
33-44
45-59
60+
0
10
20
30
40
سەرچاوە: دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەم راپرسییەدا، بەپێی ئاماری ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، رێژەی دابەشبوونی نموونەکان لە چوار پارێزگا و چوار ئیدارەی سەربەخۆ وەرگیراوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، دابەشبوونی نموونەکان لە پارێزگای هەولێر بەرێژەی ٪30، لە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی ٪23، پارێزگای دهۆک بەرێژەی ٪21 و پارێزگای هەڵەبجەش بەرێژەی ٪5 بووە. هەروەها بۆ ئیدارە سەربەخۆکانیش، ئیدارەی سۆران بەرێژەی ٪5، ئیدارەی زاخۆ بەرێژەی ٪5، ئیدارەی راپەڕین بەرێژەی ٪6 و ئیدارەی گەرمیانیش بەرێژەی ٪5 بووە.

بۆ دۆزینەوەی روانگەی جیاوازی هاونیشتمانیانیش(گەنجان) لەسەر بنەمای شوێنی نیشتەجێبوونیان، ژینگەی شارنشین و گوندنشین لەم راپرسییەدا لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش وەك بنەمایەك وەرگیراوە. بەجۆرێك شارنشینی سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان رێژەی ٪79.1ی نموونەکان وگوندنشینەکانیش رێژەی ٪20.9یان پێکهێناوە.

# دابەشبوونی نموونەکان

نێر 61.1%

مێ 38.9%

25-29 ساڵ

% 40.8

15-24 ساڵ

59.2%

شارنشین

79.1%

گوندنشین

20.9%

## ڕێژەی خوێندنی گەنجان




## پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان



# گەنج و کار
## لە هەرێمی کوردستان

مێ 38.9%

نێر 61.1%

6,171,083
کۆی گشتی دانیشتوان




ڕێژەی گەنجانی 15-29 ساڵ
لە هەرێمی کوردستان




### لەچ کەرتێکدا کار دەکەی؟




### پێتوایە دۆزینەوەی کار گرفتە بۆ گەنجان لە هەرێمی کوردستان؟




### پیشە یان کاری گەنجەکە




## تائێستا شوێنی کارکردنت گۆڕیوە؟

نەخێر 55%

بەڵێ 45%

## هۆکارەکانی گرفتی دۆزینەوەی کار بۆ گەنجان



# 2 فاکتەرە ئابوورییەکان

## 1.2. دۆخی پیشە، تەگەرە و دەرفەتەکان




### پیشە یان کاری گەنجەکە چییە لە هەرێمی کوردستان؟

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، %43.9ی گەنجان کاردەکەن، %26.6یان قوتابین، 15.7یش ژنی ماڵەوەیە. ڕێژەی ئەوانەی کار ناکەن لە نێو گەنجان %13.6 بووەو، ئەوی دیکەش کە پەککەوتە و نەخۆش دەگرێتەوە، %0.2 بووە.

جیاوازییەکی ڕەگەزی زۆر لە نێو ئەوانەی کاردەکەن هەیە، بە جۆرێك کە %61.5یان نێرن و تەنیا 16.1یان لە ڕەگەزی مێن. ڕێژەی %13.5ی مێ کار ناکات. %30ی خوێندکارە و %40یشی ژنی ماڵەوەیە و بەوجۆرەش دەردەکەوێت کە ئامادەیی ژنانی گەنج وەك هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزمدایە.

بەرزترین ڕێژەی ئەو گەنجانەی کار دەکەن بە پێی ڕیزبەندی، لە سۆران(%51.7)، زاخۆ(%50)، دواتریش ڕاپەڕین(%47). پێدەچێت هەبوونی دەروازەی سنووری چالاك و ناوچەی گەشتیاری لەو دەڤەرانە هۆکارێکی بەرزبوونی ئەو ڕێژەیە بووبێت. ڕێژەی ئەو گەنجانەی کاردەکەن، لە هەولێر(%46.8) و لە سلێمانی(%42.2) و لە دهۆکیش(%41) بووە. کەمترین ڕێژەش لە هەڵەبجە و دواتریش گەرمیان بووە. بەرزترین ڕێژەی بێکاری

## پیشە یان کاری گەنج




لـە نێـو گەنجانیـش لـە گەرمیـان بەڕێـژەی 29.6%، دهـۆك بەڕێـژەی 21.8%، ڕاپەڕیـن و زاخـۆ بەڕێـژەی 16.7% تۆمـار کـراوە.

گەنجانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ کارکـردن زیاتـر ڕوو لـە کەرتـی تایبـەت دەکـەن، بەجۆریـك 71.3%ی ئەوانـەی گوتوویانـە کاردەکـەن، لـە کەرتـی تایبەتـن و 28.7%یان لـە کەرتـی حکومـی دامـەزراون. بـە هەمانشـێوە لـە پرسـیارێکی دیکـەدا 76%ی گەنجـان گوتوویانـە کـە دەرفەتـی کار لـە کەرتـی تایبـەت زیاتـرە و 24%یـش بـە پێچەوانـەوە چاویـان لـە دەرفەتەکانـی کەرتـی حکومـی بـووە.

بەرزتریـن ڕێـژەی ئـەو گەنجانـەی لـە کەرتـی تایبـەت کاردەکـەن لـە دهـۆك، زاخـۆ، گەرمیـان و هەڵەبجـە تۆمـار کـراوە. کەمترینەکانیـش لـە ڕاپەڕیـن و سـۆران بـوون. بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانەی لـە کەرتـی حکومـی کاردەکـەن لە ڕاپەڕین، سـۆران و سـلێمانی بـوون. لـە گرووپەکانی تەمـەن، لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتوان و ڕەگەزیشـەوە، ڕێـژەی کارکردنـی گەنجـان لـە کەرتـی تایبـەت زیاتـرە تاوەکـو کەرتـی حکومـی. هەڵبـەت لـە ڕەگـەزی مـێ دا جیـاوازی ڕێـژەی ئەوانـەی لـە کەرتـی تایبـەت و کەرتـی حکومـی کاردەکـەن وەك ئەوانـی دیکـە زۆر نییـە و، دەرفەتـی کارکردنیـان لـە کەرتـی تایبـەت 51.4% و لـە کەرتـی حکومیـش 48.6% بـووە. لـە ڕووی ئاسـتی خوێندنـەوە لەهەرسـێ گرووپەکـەی بـاری خوێندنـدا، ڕێـژەی کارکـردن لـە کەرتـی تایبـەت لـە سـەرووی 65%ەوەیـە.

## پیشە یان کاری گەنج




## لەچ کەرتێکدا کار دەکەی؟



#ساڵانی کارکردن




لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، %36ی ئەوانـەی کاردەکـەن گوتوویانـە کەمتـر لـە 5 ساڵە کاردەکەن کە ئەمەش ئاساییە. ئەوانەش کە گوتوویانە ماوەی 5-9 ساڵە خەریکی کارکردنن %39.8بووە و ئەوانەش کە گوتوویانە زیاتر لە 10 ساڵە کاردەکەن %24.2 بووە کە ئەم ڕێژەیەش جێی هەڵوەستە کردنە. ڕێژەی %66ی ئەوانەی گوتوویانە کاردەکەین سەربە گرووپی تەمەنی 15-29 ساڵن و %32یش لەوانە گوتوویانە زیاتر لە 10 ساڵە کاردەکەن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەگەر تەمەنی بەشداربوویێك 25 ساڵ بێت، لە 15 ساڵییەوە دەستی بە کار کردووە و، ئەگەر 29 ساڵیش بێت لە 19 ساڵەوە چووەتە نێو بازاڕی کار. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە گوتوویانە زیاتر لە 10 ساڵە کاردەکەن لە هەولێر، هەڵەبجە، زاخۆ و سلێمانی تۆمار کراوە. %13.3ی ئەوانەش کە سەربە گرووپی تەمەنی 15-24 ساڵن گووتویانە زیاتر لە 10 ساڵە کاردەکەن و ئەمەش دەتوانێت ڕووێیکی کارکردنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان پێشانبدات

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە %15.1ی ئەوانەی بڕوانامەی سەرووی ئامادەییان هەیە گوتوویانە زیاتر لە دەساڵە کاردەکەن و ئەمەش ڕێژەیێکی ئەوانە پیشاندەدات کە لەوانەیە لەیەك کاتدا دەخوێنن و کاریش دەکەن.

# ساڵانی کارکردن




لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 55%ی گەنجان گوتوویانە کارەکەیان نەگۆڕیوە و 45%یشیان بەشێوەیەکی ئەرێنی وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە. ئەمەش دەتوانێت نیشانەیێك بێت بۆ ئەوەی کە سەقامگیری و ناسەقامگیری کاری گەنجان ڕێژەیەکی نزیکن لە یەك و لە نێوەڕاستەکاندایە. زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی کارەکەیان گۆڕیوە لە هەولێر، سلێمانی و سۆران بووە و کەمترین ڕێژەش لە هەڵەبجە و گەرمیان بووە. بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی نەگۆڕینی کار و بەردەوامی لەسەر کارێك زیاتر لە ئیدارە سەربەخۆکاندا بەرز بووە. پێدەچێت گەنجان بەشێوەی گشتی، بە پێی ڕەگەز، تەمەن ژینگە و باری خوێندنیشەوە زۆر حەزیان لە گۆڕینی شوێنی کارەکەیان نەبێت و سەرەڕای جیاوازییەکان، ڕێژەی ئەوانەی کە گوتوویانە حەزیان لە گۆڕینی کارەکەیانە و ئەوانەش کە حەزیان لێی نەبووە نزیکی یەك بووە.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 55% بە نەخێر و 45%یش بە بەڵێ وەڵامی پرسیارێکیان داوەتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا شوێنی کارەکەیان گۆڕیوە یاخود نا.

Research Center

# تائێستا شوێنی کارکردنت گۆڕیوە؟




# چەند جار شوێنی کارکردنت گۆڕیوە؟



لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەرگەنجێك نزیکەی 4.6 جار کارەکەی گۆڕیوە. بەرزترین ڕێژەی جارەکانی کارگۆڕینی گەنجانیش لە سلێمانی بە 6 جار و دواتر دهۆك بە 5 جار بووە و کەمترین جاریش لە هەڵەبجە بە 1.8 تۆمار کراوە. لە هەردوو گرووپەکەی تەمەندا ژمارەی جارەکانی کار گۆڕین نزیکی یەکن بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا هەیە. بەجۆرێك کە گەنجان لە ڕەگەزی نێر زیاتر کارەکانیان دەگۆڕن(5جار) و ڕەگەزی مێ لە 2جاردا ماوەتەوە. ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان ئامادەیی و کەمتر لە ئامادەییە بە ژمارەیەکی نزیکی یەك کاریان گۆڕیوە بەڵام، هەرچی ئاستی خوێندەواری بەرز دەبێتەوە، ژمارەی جارەکانی گۆڕینی کار بۆ نزیکەی دوو هێندەی ئەوانی دیکە کەمدەبێتەوە و لە 3جاردا دەمێنێتەوە.

## تائێستا شوێنی کارکردنت گۆڕیوە؟



روانگەیەکی دیکەی گەنجان سەبارەت بە بازاڕی کار و ئابووری، پەیوەندی بەوە هەیە کە ڕێژەی 73.5%یان پێیانوایە دۆزینەوەی کار لە هەرێمی کوردستان گرفتە و ئەوە بە تەگەرە دەزانن. ئەو دیدگایەش لە هەڵەبجە، ڕاپەڕین، سلێمانی و دهۆك زۆر لە شوێنەکانی دیکە بەربڵاوترە. ڕەگەزی مێ بە 81.4%وە زیاتر لە گەنجانی ڕەگەزی نێر، دۆزینەوەی کار بە گرفت دەزانن کە ڕێژەکەیان 74% بووە. هەڵبەت 26%ی گەنجان لە هەرێمی کوردستان دیدێکی پێچەوانەیان هەیە. گرفتی دۆزینەوەی کار بۆ شارنیشن و گوندنشین، هەروەها هەردوو گرووپی تەمەنیی گەنجانی هەرێمی کوردستان بابەتێکی هاوبەشە و ڕێژەکانیان نزیکی یەك دەرچووە.

سەبارەت بەو هۆکارانەی کە وادەکەن دۆزینەوەی کار بە گرفت بزانن، گەنجان لە نێو 16 هۆکاری جیاوازدا کە توانیویانە زیاتر لە یەك بژاردەیان هەبێت، بە 78.1%وە پلەی یەکەمیان بە کەمیی دەرفەتی کار داوە. هەڵبەت لە پرسیارێکی دیکەی تایبەت بە هەبوونی دەرفەتی کاردا، 53%ی گەنجان گووتوویانە دەرفەتی کار نییە و 47%یش ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە. سەرەڕای ئەو جیاوازییەش بۆمان دەردەکەوێت کە کەمیی دەرفەتی کار دیدێکی هاوبەشە لە نێو گەنجان.




هەر سەبارەت بەو هۆکارانەی کە وادەکەن دۆزینەوەی کار بەگرفت بزانن، لەدوای ڕێژە بەرزەکەی کەمیی دەرفەت کە گەنجان هەڵیانبژاردووە، کەمی مووچە بەڕێژەی 59.6%، خزمخزمێنە و قۆرخکاری لە دامەزراندنی کەرتی تایبەتیش بە 41.6%وە دێت. هەروەها 31%یش نەبوونی ناسراویان بە هۆکارێك زانیوە کە وایکردووە دۆزینەوەی

## هۆکارەکانی گرفتی دۆزینەوەی کار بۆ گەنجان




کار، گرفت بێت بۆیان. %26.6یش جیاکاریی ڕەگەزییان بە هۆکار زانیوە. %33.8یش نەبوونی کارگە و پیشەسازی گەورەیان بە هۆکار زانیوە. لەوانەشەوە دەردەکەوێت، کە لە ڕوانگەی گەنجانەوە نایەکسانی لە دەرفەتەکان، کەمیی توانستی ئابووری و پیشەسازی وڵات، هۆکاری سەرەکین بۆئەوەی کە دۆزینەوەی کار بۆ ئەوان گرفت بێت. بە پلەی دووەمیش ئەو بژاردانە دێن کە پەیوەندییان بە شارەزایی دەستی کارەوە هەیە. %39.9 گوتوویانە مەرجەکانی کار قورسن، %30.5 نەزانینی زمانی بیانییان بە هۆکار زانیوە، %23یش نەبوونی ئەزموونیان وەك هۆکارێك پێشانداوە. هەروەها %13یش گوتوویانە نەبوونی توانای پێویست و سەردەمییانە بۆ کارەکان هۆکارە و %11.9 یش گوتوویانە کە کارەکان بە گوێرەی ئەوان نین.%13یش باسی ئەوەیان کردووە کە نازانن لە کوێ بەدوای کاردا بگەڕێن. ئەو پێدراوانەش دەریدەخەن کە بابەتی کەمیی شارەزایی دەستی کار وەك دووەمین بەربەستی گرنگ لە دۆزینەوەی کاردا دەردەکەوێتە پێش لە هەرێمی کوردستان.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا، %69.3ی گەنجان نەمانی دامەزراندنی حکومی بە گەورەترین گرفتی ئابووری بەردەم گەنجان دەزانن. پێچەوانەی هۆکارێکی ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە گەنجان سەبارەت بەداهات بەدوای سەرچاوەیەکی مسۆگەردا بگەڕێن کە وادیارە ئەوەیان لە کەرتی تایبەتدا بەدینەکردووە. %62.6ی گەنجان دۆزینەوەی کار، %49.9 نەبوونی سەرچاوەی ماددی بۆ دەستپێکردنی کاری بچووك، و %28یش نەبوونی دەرفەتی یەکسان لە کەرتی تایبەتیان بە گەورەترین گرفتی ئابووری خۆیان زانیوە. هەڵبەت %21.1 نەبوونی توانای پێویست و نوێیان بە گەورەترین گرفت زانیوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەروەردە و پێگەیاندنی گەنجان بۆ بازاڕی کارەوە هەیە.

## گەورەترین گرفتی ئابووری
## لە هەرێمی کوردستان



## 2.2 داهات، گوزەران و باری دارایی گەنجان

خەرجی تاک و سەرچاوەی دەستکەوتنی پارە لەلای گەنجان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکە کەوا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان گەنجێک مانگانە بەتێکڕا 236 هەزار دینار خەرجدەکات. لەکاتێکدا لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەرزترین تێکڕای خەرجی مانگانە لە زاخۆ تۆمار کراوە کە 310 هەزار دینار بووە، کە پێدەچێت بەهۆی نزیکی لە سنوور و کاری بازرگانییەوە ئاستی داهاتی خێزانەوە بێت، چونکە ڕێژەی نیوەی گەنجان لە خێزانەوە پارە وەردەگرن. هەروەها، بەرزترین تێکڕای خەرجی مانگانە، لەدوای زاخۆ لە پارێزگای هەولێر بووە کە 261 هەزار دینار بووە. لە بەرامبەردا نزمترین ئاستیش لە ئیدارەی سەربەخۆ گەرمیان تۆمارکراوە کە تەنیا 176 هەزار بووە و دوای ئەویش






ڕاپەڕین دێت کە 197 هەزار دینار بووە.

ئەو بڕە پارەیەی کە هەر گەنجێك لە مانگێکدا خەرجی دەکات لە کاتێکدایە کە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان 300 هەزار دینارە و، مووچەی مانگانەی مامۆستایانی وانەبێژ کە ژمارەیان 35 هەزار و 543 کەسە لەنێوان 200-400 هەزار دیناردایە. هەروەها بەپێی گۆڤاری (CEOWORLD)ی ئەمریکی، تێکڕای مووچەی فەرمانبەرانی حکومی لە عێراقدا بۆساڵی 2022، ئەویش دوای دەرکردنی باج، 583 دۆلارە. بەمەش مووچەی فەرمانبەرانی عێراق لەسەر ئاستی جیهان( لە کۆی 105 وڵات)، پلەی 62مینی هەبووە و لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش 10یەمە.

لەڕووی گرووپی تەمەن، ئاستی خوێندەواریی و ڕەگەزییەوە جیاوازی لە خەرجی مانگانەی گەنجاندا هەیە، ڕەگەزی نێر بەتێکڕا مانگانە 264 هەزار و ڕەگەزی مێ 193 هەزار دینار خەرج دەکات. گرووپی تەمەنیی (25-29) ساڵ دوو هێندەی گرووپی تەمەنیی (15-25) ساڵ خەرجدەکات، بەڵام لەڕووی خەرجییەوە، گەنجانی شارنشین و گوندنشین جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. بەشێوەیەک کە گەنجێکی گوندنشین مانگانە 200 هەزار و یەکێکی شارنشینیش 246 هەزار خەرجدەکات، ئەمەش دەریدەخات کەوا گوزەرانی ژیانی گەنجان لەنێو ژینگەی گوندنشین و شارنشین جیاوازییەکی زۆری نییە. هەربۆیەش ئەو کارەی گەنجان لەماوەی هەفتەیەکدا ئەنجامی دەدەن، لە دوای چوون بۆ بازاڕ لە هەرێمی کوردستان خەوتن کە ڕێژەی 57.8% بووە. بەهەمان شێوەش گەنجان لە گەرمیان کە کەمترین خەرجی مانگانەیان هەیە، بەرزترین ڕێژەی خەوتن وەک کار لەماوەی هەفتەیەکدا ئەنجامدەدات کە ڕێژەکەی 83% بووە. بەدیوێکی دیکەدا ئەو تێکڕایەی خەرجی گەنجان لەماوەی مانگێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا سەرچاوەکەی بەپلەی یەکەم لە خێزانەوە دێت و ئینجا کارکردنی گەنجان بۆخۆیان، بەشێوەیەک ڕێژەی 52% گەنجان لە ڕاپرسییەکدا گوتوویانە کە لە خێزانەوە پارە وەردەگرن و ڕێژەی 42%یش گوتوویانە بۆخۆیان کار دەکەن.




ڕێژەی 42.6% گەنجان لە هەرێمی کوردستان گوتوویانە بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانەیان، قەرز دەکەن و ڕێژەی 57.4%یش گوتوویانە قەرز ناکەن، بەمشێوەیە نزیکەی نیوەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان بۆ خەرجییەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەیان قەرز دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە، جیاوازییە لەنێوان خەرجی و قەرزکردنی گەنجان، بۆ نموونە کەمترین خەرجی مانگانە لە ئیدارەی گەرمیانە، بەڵام زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی گوتوویانە کە قەرز دەکەن لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی 72.2% بووە، چونکە کەمترین ڕێژەی گەنجان لەو پارێزگایە کاردەکەن. لەوانەیە ئەوەش پەیوەست بێت بەوەی کە زۆربەی سەرچاوەی خەرجی گەنجان لە خێزانەوە دێت.

بە پێی ئەو وەڵامەی کە بەشداربووان داویانەتەوە، پێدەچێت باری تەندروستی گەنج لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاودێری زیاتر هەبێت. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، 41.4 %ی بەشداربووان گوتوویانە چەند ساڵ جارێك سەردانی پزیشك دەکەن، بەڵام 58.6%یان لە ماوەی ساڵێکدا بە ڕێژەی جیاواز سەردانی دکتۆر دەکەن. لەوانەش، 16.6%ی مانگانە، 12.3%یان سێ مانگ جارێك و19.3%یش 6مانگ جارێك و 10.4%یش ساڵی جارێك ئەو کارە دەکەن.




گەنجانی هەرێمی کوردستان ئاگایان لە خورد و خۆراکی خۆیان هەیە و میوە و خواردنی بەیانی لە سەبەتەی خۆراکیاندا هەیە بەڵام، ڕێژەی ئەوانەی کە گوتوویانە لە هەوایەکی کراوەدا وەرزش دەکەن تەنیا 30% بووە. هەروەها ڕێژەی ئەوانەی کە جگەرە دەکێشن یان فاست فوود دەخۆن زیاترە لە ڕێژەی ئەوانەی کە لە یاریگا وەرزش دەکەن. ڕێژەی خواردنەوەی ماددەی کحولی لە نێو گەنجان بە گشتی کەمە بەڵام نێرگەلەکێشان و ڕۆیشتن بۆ کافتریاش لەریزی ئەو کارانەی دیکەدان کە گەنجێك لە ماوەی هەفتەیەکدا دەیانکات.

# ئەنجامدانی چالاکی لە هەفتەیەکدا




ڕێژەی وەزرش کـردن لە یاریـگا بە پێـی ریزبەنـدی لە هەڵەبجـە 33.3%، لـە سـلێمانی 27.9%، لــە هەولێـر 18.7% و لــە دهۆکیــش 11.1% بــووە. لەبەرامبــەردا ڕێــژەی ســەردانیکردنی دکتـۆر لـە مـاوەی مانگێکـدا لـە هەڵەبجـە 13%، لـە سـلێمانی 15%، لـە هەولێـر 10% و لـە دهۆکیـش27.4% بـووە.

# گەنج و روانگەی سیاسی

## لە هەرێمی کوردستان

**ژمارەی گەنجان**

**1,727,903**

**ڕێژەی گەنجانی**

**29-15 ساڵ**

**لە هەرێمی کوردستان**

**28%**

## ئەگەر مافی دەنگدان هەبێت، بەشداریی دەکەی؟

بەڵێ ✓ 72.7%

نەخێر ✗ 27.3

## دەنگ بە چ لایەنێکی سیاسی دەدەی؟




## پێتوایە رەوشی سیاسی کوردستان لە داهاتوودا چۆن دەبێت؟



# 3 روانگەی گەنجان بۆ بەشداری سیاسی

## 1.3 .تێڕوانینی گەنجان بۆ ڕێکخراوەکان و پارتە سیاسییەکان

لە هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی ئەو ئاڕاستەیەی کە لە ئەورووپا هەیە، بەشداری گەنجان لە چالاکی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیادیکردووە. بەشێوەیەک کەوا بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، ڕێژەی 86.9% گەنجان پێشتر بەشداری هیچ چالاکییەکی ڕێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکانیان نەکردووە. ئەمە لەنێو گرووپی (24-15) ساڵیدا 91% بووە، کە دەریدەخات دوورکەوتنەوەیەکی یەکجار زۆر لە نێوان گەنجان و پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبووە، بەڵام لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا لەماوەی 12 مانگی رابردوو، بەشداریی چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتی سیاسیت کردووە، ڕێژەی %55.5ی گەنجان گوتوویانە کە بەشداریی چالاکییەکی ڕێکخراوەکان و پارتە سیاسییەکانیان کردووە. لێرەشدا زۆرترین ڕێژەی بەشداریی لە چالاکیی پارتە سیاسییەکان لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و زۆرترین ڕێژەی بەشداریی گەنجان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بە ڕێژەی 100% بووە. هەروەها، ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەو ڕێژە زۆرەی بەشدارینەکردن لە پێشتردا، کە زیاتر لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیان بووە کە ڕێژەی سەرووی 90% بووە، بەڵام لە




**ئایا پێشترهیچ بەشداریی چالاکیی ڕێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکانت کردووە؟**

12 مانگی رابردوودا ئەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەو %44.5ی گەنجان کە گووتویانە بەشداری چالاکیی ڕێکخراوەیی و پارتە سیاسییەکان ناکەن، هۆکاری جیاوازیان بۆ ئەو بڕیارەی خۆیان باسکردووە. بەڕێژەی 44% گوتوویانە




**لەماوەی 12 مانگی رابردوو بەشداریی هیچ چالاکییەک کردووە؟**

کە هەر نایانەوێت بەشداری بکەن و رێژەی %29یشیان متمانەیان بە رێکخراو و پارتە سیاسییەکان نییە. لە نێو ئەو گرووپەدا لە ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین، بەرێژەی %100 متمانە بە رێکخراو و پارتە سیاسییەکان نییە و رێژەی %50ی ئەو گەنجانەی هەڵەبجەش بڕوایان وایە کەوا لەبەر نەبوونی رۆڵی پارت و رێکخراوەکان لە کۆمەڵگە، ئەوانیش روویان تێناکەن.

بەپێی راپرسییەکی یەکێتی ئەورووپا (2022) لەبارەی گەنج و بەشداریی سیاسی، بەشدارینەکردنی گەنجان یاخود چالاکنەبوونیان تەگەرەیەکی سەرەکییە بۆ دیموکراسی. بۆ نموونە بەپێی راپرسییەکە رێژەی خوار %5 گەنجانی تەمەن (15-29)ساڵ گوتوویانە کە خۆیان وەک ئەندامی پارتی سیاسی دەبینن، رێژەی خوار %10یش بەشداریی چالاکیی سیاسی و خۆپیشاندانە بۆ مۆڵەتەکانیان کردووە.

## هۆکارەکانی بەشدارینەکردن



# 2.3 .بەشداریکردن لە هەڵبژاردن

لەڕووی بەکارهێنانی مافی دەنگدانەوە، ڕێژەی ٪72.7 گەنجانی بەشداربوو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئامادەیان بەوە کردووە کە ئەگەر مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەوا بەشداریی دەکەن. لەکاتێکدا ٪27.3 گوتوویانە بەشداری ناکەین. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە ئاستێکی زۆر نزمتردا بووە. ئەم ڕێژەیەش لەسەرووی ڕێژەی گشتی بەشداریکردنی خەڵکە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە 59% بوو. هەروەها نزیکەی 30%یش زیاترە لە ڕێژەی بەشداریکردنی گشتی خەڵك لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2021ی پەرلەمانی عێراق. هەروەها بەرزبوونی ژمارەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان وادەکات کە ڕۆڵی ئەوان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا یەکلاکەرەوە بێت. هەروەها، ئەم ئاڕاستەیەی خواستی گەنجان بۆ بەشداریکردن تەنیا پەیوەست نییە بە هەرێمی کوردستانەوە، بۆ نموونە خواستی بەشداریی گەنجان لە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی ئەورووپا لەماوەی نێوان 2014 بۆ 2019، لەنیو گرووپی تەمەن 16-24 ساڵدا بەڕێژەی 14% زیادیکردووە.

هەر بەپێی ئەنجامەکان، کچان و ژنانی گەنج لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر لە کوڕان و پیاوانی گەنج حەزیان لە دەنگدان و بەشدارییە لە هەڵبژاردن. ئەوان بەڕێژەی 77.9%وە، 8.5% لە ڕێژەی ئەو کوڕ و پیاوانە زیاترن کە حەز دەکەن بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن ئەگەر مافی ئەو کارەیان هەبێت.

بەرزترین ئاستی خواستی بەشداریکردنی گەنجان لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە بە ڕێژەی 98%، بەدوای ئەویشدا زاخۆ بە 86% و هەولێر 79.5% دێت. کەمترین خواستی بەشداریکردنیش لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانە بە 48.8% و بەدوای ئەویشدا پارێزگای سلێمانی بە 52.3% دێت. ئەو ڕێژەیە لە هەڵەبجە 59.5% و لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینیش 63.3% بووە. بە گشتی خواستی بەشداریکردنی گەنجان لە شارە گەورەکاندا کەمترە لە شوێنەکانی دیکە و ئەو ڕێژەیەش71.3%ی ژینگەی شارنشین بە78.2%ی گوندنشین بووە.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، 33%ی گەنجان گوتوویانە نایانەوێ دەنگەکانیان ئاشکرابن بەڵام لە67 %ی کە دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا کردووە، ڕێژەی ٪49.4 پارتی، 6.8% یەکێتی و 5.1%یش نەوەی نوێیان هەڵبژاردووە. باقی پارتە سیاسییەکانی دیکەش ڕێژەیەکی ئەوتۆیان نەهێناوە کە پێدەچێت بەشێکی زۆری دەنگدەرەکانی جارانیان لە ڕیزی ئەو 33%دا بن کە نایانەوێ دەنگیان ئاشکرا بکەن یان لە نێو ئەوانە بن کە جارێ نایانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن.

## دەنگ بە چ لایەنێکی سیاسی دەدەی؟




تێبینی: لیستی پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دانراوە

لەوانەیە بەرزیی ئەم ڕێژەیەی دەنگی پارتی بۆ دەنگی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و سۆران بگەڕێتەوە کە ڕێژەی نزیکەی 90% بووە. بەپێی ئەنجامەکان پارتی کەمتر لە نیوەی دەنگی گەنجان لە هەولێر دەبات و دواتریش لە گەرمیان 19% و لە سلێمانیش 6.6%ی دەنگەکان دەبات. لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان یەکێتی 6.8٪ دەنگی گەنجان دەبات، بەرزترین ڕێژەی دەنگەکانیشی لە ئیدارەی سەربەخۆ ڕاپەڕین بووە کە 22.6% بووە. دواى ئەوەش19.8%ی دەنگی گەنجانی سلێمانی و 14.3%ی گەرمیان و 9.1% ی هەڵەبجەش دەبات. بەرزترین ڕێژەی دەنگی نەوەی نوێ لە هەڵەبجەوە دێت کە بە گشتی ڕێژەی5.1٪ گەنجانی هەرێمی کوردستانی بردووە. لە هەڵەبجە 36.4% گەنجان نەوەی نوێیان هەڵبژاردووە. دواى ئەویش لە گەرمیان 14.3%ی و لە سلێمانی 9.9% و لە هەولێر 2.8% و لە دهۆکیش 2.5% دەنگی گەنجان بۆ نەوەی نوێ دەڕوات.

Research Center

# هۆکارەکانی بەشداریی نەکردن لە هەڵبژاردن




هەڵبەت نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە ٪33ی گەنجان ئامادەیان بەوەکردووە کە نایانەوێت دەنگەکانیان ئاشکرا بکەن. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە لە هەر سێ گەنجێك، یەکێکیان دەنگی نەیویستووە دەنگی خۆی ئاشکرا بکات، بەرزترینی ئەوانەش کە نەیانویستووە دەنگەکانیان ئاشکرا بکەن لە پارێزگای سلێمانی بە 57.1%، دواتریش هەولێر بەرێژەی 46.5%، ڕاپەڕین بەرێژەی 45.2% و پاشان هەڵەبجە بەرێژەی 27.3% بووە. هەروەها، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هیچ گەنجێک ئامادەنەبووە دەنگی خۆی بە کاندیدی سەربەخۆ بدات، بەڵام 3.7% گوتوویانە بە بەتاڵی دەنگ دەدات.

لەنێو ئەوانەی گوتوویانە بەشداریی هەڵبژاردن ناکەین و 27.3% ی گەنجانن، ڕێژەی ٪82.3

ئاماژەیـان بەوەکـردووە کـە هەڵبـژاردن هیـچ ناگۆڕێـت، ڕێـژەی ٪46.4یـش متمانەیـان بـە پارتـە سیاسـییەکان نییـە. بەرزترین ڕێژەی ئـەو گەنجانـەی کـە لەبـەر بـێ متمانەیـی بـە پارتـە سیاسـییەکان بەشـداری لـە هەڵبـژاردن ناکـەن لـە ئیدارەی سـەربەخۆی سـۆران بەرێـژەی 100% بـووە. کەمـی متمانـە بـە پارتـە سیاسییەکان لە نێـو ئـەو گەنجانـەی کـە دەنـگ نـادەن، لـە دوای سـۆران لـە ڕاپەڕیـن 72.2%، لـە زاخـۆ 66.7% و لـە هەڵەبجـەش53.3% بـووە. هەروەهـا٪27.8 گەنجـان لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان ڕایـان وابـووە کـە بەربژێـری گونجـاو نییـە و ڕێـژەی ٪19.8 ڕایـان لەگـەڵ ئـەوەدا بـووە کـە هەڵبژاردنـی پـاک و ئـازاد نییـە بۆیـە بەشـداری ناکـەن.

هەروەهـا، لـەڕووی ڕەگـەزی، گرووپـی تەمـەن و ژینگـەی دانیشـتوانەوە ڕوانگەیەکـی هاوبـەش لەبـارەی بەشـدارینەکردن لـە هەڵبـژاردن لـە نێـو ئـەو گرووپـەی کـە دەنـگ نـادەن هەیـە. هەموویـان بەڕێـژەی سـەروو 80% ئاماژەیـان بەوەکـردووە کـە هەڵبـژاردن هیـچ ناگۆڕێـت.




لەبـارەی ڕەوشـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان لـە داهاتـوودا، بەگشـتی ڕێـژەی ٪36.8 ی گەنجـان ڕایـان وابـووە کـە خراپتـر دەبێـت، بـەڵام ڕێـژەی ٪46.9 ڕایان وابـووە کەوا باشـتر دەبێت و باقییەکەیشـی پێیانوابـووە کـە وەك خـۆی دەمێنێتـەوە. بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی پێیانوایـە کـە خراپتـر دەبێـت لـە پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە و ئیدارە سـەربەخۆکانی گەرمیـان و ڕاپەڕیـن بـووە، بەشـێوەیەک ڕێـژەی 67.3% لـە ڕاپەڕیـن و ڕێـژەی 66.7% لـە گەرمیـان بـووە. لەکاتێکـدا ڕێـژەی 70.7% لـە سـۆران و 50.9% لـە زاخـۆ گوتوویانـە کـەوا باشـتر دەبێـت.

# گەنج و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی

## لە هەرێمی کوردستان



نێر 61.1%



مێ 38.9%

ڕێژەی گرووپەکانی تەمەن




### دەتوانێت بەئازادی و سەربەستی مافەکان پیادە بکەیت؟






### ئەندامانی خێزانەکەم دەیانەوێ یارمەتیم بدەن






### ئایا پێتوایە ئافرەتان یان کچان دەتوانن وەک کوڕان بەتەنیا سەفەر بکەن؟






### وەک گەنج ئەگەر کێشەیەک هاتەپێش پەنا بۆ کام لەمانەی خوارەوە دەبەیت؟






### ئەنجامدانی کار لە ماوەی هەفتەیەکدا




### سەرقاڵبوون لە کاتە بەتاڵەکان



# 4 بەها و پرسە کۆمەڵایەتییەکان

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گەنجانی هەرێمی کوردستان لە شێوازی ژیاندا ئەوەیە کە زیاتر حەزی لە مانەوەیە لە نێو خانەوادە کە پێشبینی دەکرێت بەشێوەی ڕێژەیی ژمارەی هەر خانەوادەیەك 6کەس بێت.%90.1ی گەنجان دەیانەوێ لە داهاتووشدا لە خێزان دوورنەکەونەوە و ئەوە بە پێی ڕەگەز، ژینگە ، تەمەن و تەنانەت ئاستی خوێندەواری گەنجانیش لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ژمارەی ئەوانەی کە حەز دەکەن بە تەنیا بژین %7.5 و ژمارەی ئەوانەش کە دەیانەوێ لەگەڵ هاوڕێکانیان بژین تەنیا %2.4 بووە.




بەلەبەرچاوگرتنی ڕادەی پابەندی گەنج بە خێزانەوە ئەو پرسیارە گرنگە سەرهەڵدەدات کە گەنج لەگەڵ خێزانەکەیدا چی دەکات؟بە پێی ئەنجامەکان، نانخواردن بەیەکەوە، قسە و باس، سەردانی خزمان، سەیران، سەیرکردنی فیلم و دواتریش دووبارە خواردن بەڵام ئەمجارەیان لە دەرەوە، لە ڕیزی گرنگترین ئەو کارانەن کە گەنجێك لە ماوەی یەك هەفتەدا لەگەڵ خێزانەکەیدا دەیانکات.

# ئەنجامدانی چالاکی لە هەفتەیەکدا




گەنجـان لەگـەڵ هاوڕێکانیشـیاندا زیاتـر حەزیـان لـە گـەڕان، چـوون بـۆ بـازاڕ و بـۆ کافتریایـە. هەڵبـەت بـە ڕێـژەی %21.7یـش گوتووییانـە حەزیـان لێییـە لەگـەڵ هاوڕێکانیـان بچـن بـۆ وەرزش. ڕێـژەی %75.8ی گەنجـان لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە نێـوان 1-5 هاوڕێیـان هەیـە و %18.2یـش زیاتـر 6 هاوڕێیـان هەیـە و %6.1یـش هیـچ هاوڕێیەکیـان نییـە.
ڕێـژەی%97.1ی گەنجـان گوتوویانـە کـە خێزانەکەیـان دەیانـەوێ یارمەتیـی بـدەن. هەروەهـا لـە گریمانـەی دۆخێکـی لەناکاویشـدا، بەڕێـژەی %97 گوتوویانـە کـە پشـت بـە خێزانەکەیـان دەبەسـتن لـە پرسـیارێکی دیکـەدا سـەبارەت بـەوەی کـە ئەگـەر وەك گەنـج کێشـەیەکت بـۆ هاتـە پێش، پەنا بـۆ کـوێ دەبەی؟ لـە نێـو بژارەکانـی دامـەزراوە فەرمییەکانـی حکومـەت، پارتە سیاسـییەکان و خێـڵ و خـزم کەسـوکاردا، %66 خێڵ و خزم و کەسـوکاریان هەڵبـژاردووەو تەنیا

## ئەنجامدانی کار لەگەڵ هاوڕێکان لە هەفتەیەکدا




32.3% دامەزراوەکانی حکومەتیان وەك پەناگەیەك سەیرکردووە. 1.8%یش گوتوویانە کە پەنا بۆ حیزب دەبەن. بێگومان ئەو پێدراوانەش هۆکارێکە بۆ زانینی روانگەی گەنجان سەبارەت بە ئاسایش کە پێیوایە خێڵ و کەسوکار زیاتر لە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت دەیپارێزێت و ئەمەش بابەتیکی یەکجار گرنگە کە رەنگە رێگا بۆ بەرهەمهێنانەوەی کولتووری خێڵگەرایی بکاتەوە کە دەکرێ بەشێك لە هۆکارەکانی رووداوەکانی کوشتنی خێزانی- خێڵەکی و تۆڵەسەندنەوە کە لە ماوەی رابردوودا زیادیانکردووە بەو دیدگایە روونبکرێنەوە.

## وەک گەنج ئەگەر کێشەیەک هاتەپێش پەنا بۆ کام لەمانەی خوارەوە دەبەیت؟






## ئەندامانی خێزانەکەم دەیانەوێ یارمەتیم بدەن

لە باسکردنی گرفتە کەسییەکانی خۆیاندا، تۆزێك رادەی متمانەی گەنجان بە خێزان کەمتر بووەتەوە و بۆ 77.1% دابەزیوە. رێژەی متمانە بە دۆست و هاوڕێکانیش بۆ باسکردنی ئەو بابەتانە لە دەوری 50%دابووە. هەڵبەت لە جیاتی خێزان و دۆستان، زۆرینەی گەنجان بە رێژەی 84.5% گوتوویانە کە کەس یان کەسانێکیان هەیە کە بتوانن رازی دڵی خۆیانی لا باسبکەن و باسی گرفتەکانیان بۆ بکەن.

رێژەی 75.5%ی گەنجان لە شوێنی ژیانی ئێستای خۆیان رازین. رێژەی ئەوانەی کە گرفتەکانی وەك نەبوونی ژووری تایبەت یان فاکتەرەکانی دیکەی خۆشگوزەرانی لە شوێنی مانەوەیان بە گرفت دەزانن لە بەرزترین ریژەشدا تەنانەت لە 13.4% تێنەپەڕیوە. 40.6%ی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجی مانگانەی خۆیان یان راستەوخۆ پارە لە خێزان وەردەگرن یان هەم کار دەکەن، هەمیش پارە لە خێزان وەردەگرن و ئەمەش وادەکات کە گرێدراویی گەنج لە رووی ئابوورییەوە بە خێزان لە ئاستێکی بەرچاودا بێت. بۆیە بەگشتی کاتێ هەموو ئەو پێدراوانە دەخەیتە پاڵ یەك، دەردەکەوێت کە خێزان فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر شکڵپێدانی دیدگا و روانگەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان. بەشێکی زۆری دایکان و باوکانی گەنجانیش لە هەرێمی کوردستان ئاستێکی بەرزی خوێندەوارییان نییە. بۆنموونە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان رێژەی ٪67.3 دایکانی بەشداربووان نەخوێندەوارن. رێژەی ٪45.8ی باوکانی بەشداربووان نەخوێندەوارن، ٪39.8یان هەڵگری بڕوانامەی کەمتر لە ئامادەیین و تەنیا ٪4.7یان بڕوانامەی ئامادەییان هەبووە. ئەوەش وادەکات کە زیاتر شێوازەکانی ژیان و شێوازەکانی بیرکردنەوەی نەریتی لە نێو خێزانەکاندا بەربڵاوبێت کە




بێگومان کاریگەرییەکی ڕاستەوانە لەسەر ڕوانگەی گەنجان دادەنێت.
گەنجان بە شێوەیەکی گشتی ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤیان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. 95.5%، لە پەیوەندیی نێوان دراوسێکانیان ڕازین و 92.6% لە هاوکاریی نێوان مرۆڤەکان ڕازین. ئەمانە بە پێی ڕەگەز، تەمەن و ژینگە و جۆگرافیای بەشداربووانیشەوە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. بەڵام هەرچی دەگاتە سەر پرسیارەکانی تایبەت بە ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی وەك ئاستی ڕەزامەندی لە هەبوونی شوێن بۆ کاتبەسەربردن، ڕادەی ڕەزامەندی لە شوێنی سەوازیی و پارك، هەبوونی سینەما و هۆڵی نمایش، تەنانەت کتێبخانە و یانەی وەرزشی، ئاستی ڕەزامەندییەکانی گەنجان کەمتر دەبێتەوە.

## ڕادەی ڕازیبوون لە پەیوەندی نێوان دراوسێکان






پێدەچێت هەندێك لە نارەزاییەکانیش لە ڕەهەندێکیشەوە بابەتێکی زیاتر زەینی بێت تاوەکو لە ئەنجامی دۆخێکی ڕاستەوخۆوە کە مامەڵەی لەگەڵ هەبێت دەرکەوتبێت. بۆ نموونە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 9.3% گەنجان لە هەفتەیەکدا سەردانی کتێبخانە دەکەن بەڵام لەپرسیاری تایبەت بە ڕادەی ڕەزامەندی لە ئاستی کتێبخانەکان،71.5 % گوتوویانە لێی نارازین.

بەشێوەیەکی گشتی خواستی درێژە پێدان بە خوێندن لای گەنج لە هەرێمی کوردستان لە 93.9%دایە و تەنیا 6.1% گوتوویانە حەزیان لێی نەماوە. سەرنجڕاکێشە کە ڕادەی ڕەزامەندی گەنجان بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە قوتابخانە و ژینگەیی پەروەردەی زیاترە لە ڕادەی ڕەزامەندییان لەو هەلومەرجەی کە بە گشتی لەو کۆمەڵگەی کە تێیدا دەژین.




## ئایا دەتەوێ لە خوێندن بەردەوام بیت؟




## ڕادەی ڕازیبوون لە جۆری پەیوەندی لەگەڵ مامۆستاکان لە هەرێمی کوردستان

ڕەزامەنـدی ئـەوان لەجـۆری پەیوەندییـان لەگـەڵ مامۆسـتاکانیان، لـە ژینگـەی قوتابخانـە، جـۆری ئـەو پەروەردەیـەی کـە وەریدەگـرن، لـە کافتیریـای قوتابخانـە و زانکـۆ، بابەتەکانـی دیکـەی پەیوەسـت بـە ژینگـەی پەروەردەیـی لـە ئاسـتێکی بەرزدایە. بەرزیی ئاسـتی ڕەزامەنـدی گەنجـان لـە ژینگەیـی پەروەردەیـی کـە لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان دەگاتـە 84.8%، لـە کاتێکدایـە کـە 57%ی بەشـداربووان گوتوویانـە کـە هەندێکجـار، دوو سـاڵ یـان زیاتـر لەیـەك پۆلـدا ماونەتـەوە! نـەك هـەر ئـەوە، بەڵکـوو لـە ڕاسـتیدا ئـەو ئاسـتی ڕەزامەندییـە دەتوانێـت لـە خاڵێکـدا ناکـۆك بێـت لەگـەڵ ئـەو وەڵامانـەی کـە گەنجـان سـەبارەت بـە گرفتەکانـی بـەردەم دۆزینـەوەی کار دابوویان. ئـەوان بـە گشـتی چەندیـن هـۆکاری جیاجیایان لـە پەیوەندیـی لەگـەڵ شـارەزایی دەسـتی کاردا وەك گرفتەکانـی بـەردەم دۆزینـەوەی کار ڕیـز کردبـوو کـە پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوانەی لەگـەڵ پـەروەردە و فێربووونـدا هەیـە.

